# بۆچی ( هەوار عەبدولڕەحمان و سامان حوسێن ) تان نانبڕاو کرد ...؟

## فەخرەدین تاهیر

پسپۆری بواری ڕۆژنامەوانی < ئینگر ویبێرگ > دەڵێ :

دەستهەڵاتدار هیچ کاتێک پەیڤی ئازادیی خۆشنەویستووە، چونکە ئەو کاتەی پەیڤی ئازاد داکۆکی لە بیر و بۆ چوونی خۆیدا دەکات ، لەو حاڵەتەدا دەستهەڵادار ڕۆڵی لاواز دەبێ و هەڕەشەی نەمانی لێدەکرێت ، ئەو دەمە پەیڤی ئازاد خۆی دەسەڵمێنێت و دیموکراسیەت سەر هەڵدەدات.

کەناڵی سەتەلایتی کوردستان لە 3/ 8 / 2005 دا، لەسەر ئیکرانی تەلەڤیزیۆنەکەی خۆیدا، ئاگادارییێکی بە پیتی لاتینی و شێوەزاری کرمانجی نێوەراست ( سۆرانی ) بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاوکردەوە:
( ئاگاداری بینەرانی بە ڕێزی سەتەلایتی کوردستان دەکەین کە بەهۆی سەر پێچییەکی یاساییەوە، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی وەزاری ژمارە 7589 لە ڕۆژی 3 / 8 / 2005 بڕیاری ڕاگرتنی پەخشی سەتەلایتی کوردستانی دا، بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر پازدەی ڕۆژی 3 / 8 / 2005 بەکاتی کوردستان دەست پێ دەکات.)
کاتێک ئەم ئاگادارییەم لەسەر ئیکرانی سەتەلایتی کوردستان خوێندەوە، بیرم بەوە جەنجاڵ بوو و گوتم تۆ بڵێی لەسەر نیشاندانی چ جۆرە بەرنامەیەک تووشی ئەم کێشەیە هاتبن..؟
ئەوەی بیرم بەلایدا گوزەری نەدەکرد، کێشە ی ئازادی بیروڕا دەربڕین بوو، کەچی هەر ئەوهاش دەرچوو هەربۆیەش ئەم دوو هاوڕێیەی سەتەلایتی کوردستان تووشی لێپرسینەوە و نانبڕاو کردن هاتوون.
زۆر جار لە کوردستان بە گشتی و لە هەولێری پایەتەخت بەتایبەتی گوێبیستی ئەوە دەبووم کە گوایە سانسۆر ناخرێتە سەر چاپەمەنی و هەتا هاووڵاتیش ئازادە لە بیر و بۆچووندا.
کەچی دەرچوو ئەم پروپاگەندانە تەنیا قسەی سەرزاری خەڵکە ، لە پراکتیکدا بە هیچ شێوەیەک وا نییە.
ئەگەر بە گوێرەی( یاسای چاپەمەنیی کوردستان) بێت ، کە لە یاساکەدا هاتووە و بەم شێوەیەش لە پەرلەمانی کوردستاندا هەموار کراوە :
یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراق
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار : 24
مێژووی بڕیار : 25 / 4 / 1993
< بڕیار >
بە پێی حوکمی برگەی < 1 > لە ماددەی < 56 > ی یاسای ژمارە < 1 > ی ساڵی < 1992 > و لەسەر پێشنیازی وەزیری ڕۆشنبیری و بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی 18/ 4 / 1993 دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا :

هیچ یەکێک لە نێو ماددەکانی ئەم یاسایەدا، نە تەلەڤیزیۆن و نە ڕادیۆ و نە ئینتەرنێت ناگرێتەوە، چونکە ئاماژەیان پێنەکراوە. بەڵام باشتروایە ئاماژە بە ماددەی دووەم بکەم ، چونکە پەیوەندی بە سانسۆرەوە هەیە، وەک لەم یاسایە دا هاتووە و لە ماددەی دووەمدا، دەڵێ: ( چاودێری < رقابە > لە هەرێمدا ناخرێتە سەر چاپەمەنی و هەر هاووڵاتییەکی سەربەستە لە دەرکردنی هەر چاپەمەنییەکاندا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە). < 1 >

با جارێ بزانین کێشەکە لەسەر چ جۆرە بە رنامەیەک دروست بووە ، ئایا بەرنامەکە زیندوو یانیش بە تۆمارکراوی نیشاندراوە ...؟

وەک حەمە سەعید حەسەن لە وتارێکی خۆی لە ژێر ناو ونیشانی ( مەلا و ئاسایش ) لە ڕێکەوتی ( 12 / 8 / 2005 ) دا ، لە کوردستان نێتدا بڵاویکردۆتەوە و ئاماژەی بەم کێشەیە داوە و نووسیویەتی : ( سەنتەری ڕۆشنبیریی پارێزەران لە 25 / 7 / 2005 دا، کۆڕێکیان لە سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ سازکردم و تێیدا باسی تێڕوانینی ئیسلامم بۆ ژن کرد.

چونکە کەناڵی سەتەلایتی کوردستان لە 1 / 8 / 2005 دا، لە ڕێی پرۆگرامی ( پانۆرامای ڕۆشنبیری ) یەوە، بە ڕاپۆرتێک ئەو کۆڕەی بەسەرکردەوە، وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەو ( سەرپێچی )یە، پەخشی تەلەڤیزێۆنەکەی بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات ڕاگرت! ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی تەلەڤیزێۆنەکەش لەسەر نیشاندانی ئەو ڕاپۆرتە سەربەگۆبەنە، ( سامان حوسێن ) ی کە ( بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و گەشە پێدان ) ی کوردستان تیڤی بوو ، لەسەر کارەکەی دەرکرد و ( هەوار عەبدولڕەحمان ) یشیان کە پێشکەشکاری ڕاپۆرتەکە بوو ، دەست لە کار بکێشێتەوە.

بەرپرسی ( کوردستان تیڤی ) یش نەک هەر لایەنی بیروڕای ئازادی نەگرت ، بەڵکوو بۆ ئەوەی سەری خۆی سەلامەت بێت، گۆزەکەی لەسەر ( سامان ) و ( هەوار ) دا شکاند ).

دواتر بۆ ئەو مەبەستە بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە دۆستێکی نزیکی خۆم لە هەولێر کرد، ئەم دۆستەم پێی ڕاگەیاندم کە ناوی نەهێنم ، بەڵام لە وەڵامدا وتی : ( بەڵێ کێشەکە لەسەر کۆڕەکەی کاک حەمە سەعید حەسەن بوو ، کە لە سەتەلایت وەک بەرنامەیەک نیشاندرا و دواتر بوو بە هۆکاری نانبڕاو کردنی ئەم دوو برادەرە بەڕێزە).

لە ڕاستیدا من کۆڕەکەم لە سەتەلایتی کوردستاندا بە دیقەت تەماشا کرد، بەشبەحاڵی خۆم شتێکم نە بینی دوور بێت لە ڕاستی، ئەوە تێڕوانینی ئایینی ئیسلامە بۆ ژن ، بەڵام ئەگەر بڵێیت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ دا، ئەم بیر و هزر و بۆچوونانە لە کن زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا بە کفر ناوزەد دەکرێت و ناخوێندرێتەوە، ئەمەیان ڕاستە ، بەڵام بەو مانایەش نییە، ئەوەی لەم کۆڕەدا وتراوە سەرپێچی یاسایی تێدا بووە، ئەی باشە ناڵێن ئازادی بیروڕا دەربڕین لە کوردستاندا هەیە..؟

ئەگەر بە گوێرەی ئەم ( یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراق ) بێت وەک لە ماددەی یازدەیەم بڕگەی یەکەمدا هاتووە و نووسیویەتی : ( ئەو داوا < دعوی > گشتی یانەی لەسەرپێچی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسا دەوشێنەوە، لە لایەن داواکاری گشتی < الادعاء العام > و بە پەسەند کردن لەلایەن وەزیری دادەوە دەکرێن ، بەڵام ئەو داوا تایبەتی یانەی لێی دەوشێتەوە لەلایەن زەرەرمەندەوە دەکرێن) .

بەڵام کە سەیر دەکەی بە گوێرەی ئاگادارییەکەی سەتەلایتی کوردستان کە هەر لە دەستپێکدا ئاماژەم پێداوە، بڕیارەکە لە وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە نەک لە وەزارەتی دادەوە ، کە ئەمەشیان خۆی لە خۆیدا سەرپێچی یاسایە.

هەروەها بە گوێرەی ماددەی هەژدەیەمی ئەم یاسایە کە نووسیویەتی : ( دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکا ) .

مخابن ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە جارێ ئەم دوو برادەرە ڕۆژنامەنووسە ( سامان ) و ( هەوار) بە هیچ شێوەیە ک نە لەلای ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە بنکەیەکی پۆلیس لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە و دواتر ڕەوانەی لای < دادوەر> بکرێن و ئەوجا بڕیاری گرتنیان بدرێت و تا ڕۆژی دادگایی کردنیان حوکمی یاساییان بەسەردا بدرێت ، یان ئەنجوومەنی وەزیران لە حوکمەکانیاندا ئاگادارکرابنەتەوە.

پێموایە تەنیا لەسە ر نەزەرییەی قیرۆسیا سزای بەرپرسی سەتەلایتی کوردستانیان پێبڕاوە.

بەڵام دەبووایە بەرپرسی کەناڵی سەتەلایتی کوردستان ڕێزدار کاروان ئاکریی پەلەی لە بڕیار دەرکردن و نانبڕاو کردنی ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە چالاکە نەکردبایەوە و دەکرا بەرنامەکە ڕاگیرا بوایە، یان هەردووکیان بۆ ماوەیەکی دیارکراو دوورخرابانەوە و سەرقاڵی کارێکی دیکە بوونایە لە کەناڵی ناوبراودا.

من به پێویستی دەزانم لەم ڕووە وە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاگادار بکەمەوە ، بۆ بە دواداچوون و پێداچوونەوەی یاسای( چاپەمەنی کوردستان ) کە دەبێت یاسایەک بێت لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆی کوردستاندا بگونجێت و دەبێت یاسای ( ئازادی چاپەمەنی کوردستان ) بێ و نەک ( یاسای چاپەمەنی ) بێت و بەس ، چونکە ئەگەر وابێت بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان ناکات و نەبوونی باشترە نەک هەبوونی، ئەم یاسایەی من لە سەرەوە دا ئاماژەم پێداوە ، گەرەکە هەموو بەشەکانی ڕاگەیاندن لە ( خوێنراو ، بینراو ، بیستراو ، ئینتەرنێت) بگرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا مافی ڕۆژنامەنووسان بە هەموو شێوەیەک تێدا زامن کراو بێت. نەک وەک سەردەمی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا هەر جارێ بە ئینقلابێکی سەربازی نائیب عەریفێک دەهات و دەگۆت : قررنا مایلی ....!!!

ستۆکهۆلم 14 / 8 / 2005

سەرنج :

---------

بۆ ماددەکانی یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراق سوودم لە کتێبی ( سەرکوتی ڕۆژنامەی کوردی لە سێبەری یاسادا ) وەرگرتووە ، کە لە نووسینی برای ڕۆژنامەنووسم کاک غازی حەسەنی هاوڕێمە، بەڕێزیان دەقی ئەم یاساییەی کردۆتە پاشکۆی کتێبەکەی خۆی، و کتێبەکەش لە ساڵی 1998 دا لە هەولێر لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ کراوە.

fakhradintahir@hotmail.com